**تیئشکێ بۆ سەر مافی مرۆڤ**

١٠,١٢,١٩٤٨

هەڵۆبەرزنجەیی

ئەو ڕۆژەیە کە پاش کۆتایی جەنگی کاولکاری دووەم جەنگی جیهانی بانگەوازی بۆ کرا و دامەزرێندرا.
ئەگەرچی هێشتا سیاسەت و هێزی دەسەڵاتدار و برەکیش ئایدۆلۆژی ڕەنگوبۆی بەم ڕێکخراوەوە دیارە، لێ دیسان هەبوونی لە نەبوونی باشترە.

ئاخر مرۆڤ لەم گەردونە بێ سەروبەرەدا ، لەسەر شتی بێ مانا وناوەرۆک و بێبایەخ، زۆر بەر ئازار و سووکایەتی و هەڕەشەی مردن دەبێتەوە. ئەم چیرۆکە لای هەموان کەموزۆر ئاشکرایە.

ڕاپۆرتی ئەمساڵی ٢٠١٩ بە تێروتەسەلی تیشکی خستە سەر ئەو تاوانانەی بەرامبەر بە مرۆڤ کراون...
پوختەیەکی ئەو ڕاپۆرتە رۆژنامەی« دێر تاگە شپیگلی DerTagesspiegel « ئەڵمانی بە ئاماژەدان بە ٩ وڵات وەک سەرتۆپی پێشلکاری مافی مرۆڤ دەخاتە بەردەست. لەوانە ٢ دەوڵەتیان - ئێران و سووریا- داگیرکەری کوردستانن و دووانی تریان - رووسیا و چین - دۆستی سەرسەختی داگیرکەرانی وڵاتەکەمانن.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە «تورکیا و عێراق »لەم تاوانە بێبەشن و لاشم سەیرە!! رۆژنامەی ناوبراو، بە تایبەت دۆخی تورکیای نەخستۆتە بەرچاو.!

پوختەیەکی وتارەکە:

- چین:

کەمینەیەکی زۆریUiguren ، زۆر خراپ دەچەوسێندرێنەوە و گرتن و لێدان و ڕاوەدونان بە برێکی زۆر بەکار دێت. هەموو مافە ئازادی و مرۆییەکان پێشێل دەکرێن و نادادییە گەورە هەس. زۆر لەگیراوەکان ، لەژێر ئەشکەنجەدا دەمرن و ئەندامی خەستەی زۆریشیان دەدزرێ....

-کۆریای باکوور:

ڕێکخراوی مافی مرۆڤ، باس لە ستەم و چەوسانەوە و ڕاوەدوونانێکی بێ وێنە دەکات لەم وڵاتەدا. نزیکەی ١٢٠هەزار کەس لەزینداندان و کاری قورسیان پێ دەکرێ. هاوڵاتی لەموڵاتەدا دەبێت ماوەیەکی باش بە خۆڕایی بۆ دەوڵەت کار بکات. بەرامبەر کارکردنی ئاسایش پارەی کەم وەردەگرن. هەر بۆیەباس لە « کۆیلایەتی کارکردن» دەکرێ لەم وڵاتەدا.

-رووسیا:
ئۆپۆزیسیۆن و ڕۆژنامەنووس و ڕەخنەگر ڕاوەدوو دەنرێن و هەر کەسێ باسی مافی مرۆڤ بکات دەبێ لەئازادی و تەندروستی و ژیانی خۆی بترسێ. سیاسەتێکی توند وتۆقێنەر لە چیچان بەڕێوەدەبرێ. ئێستا هەر رۆژنامەنووسێ ڕەخنە بگرێ بەسیخوڕی ڕۆژئاوا لەقەڵەمی دەدەن. رووسیا لەسەردەمی

پۆتین دا، ناحەزەکانی لەدەرەوەی وڵات لە ڕێگ مادەی سالیۆم و ژەهرخواردکردنەوە لەناو دەبات.
-فەنزەویلا:
لە هیچ وڵاتێکی ئەمەریکای لاتینی چەوسانەوە و پێشلکاری دژ بە زیندانەکان سیخناخ کراون بە مرۆڤ و لەتاوستەمکاری نزیکەی ٤,٥ ملیۆن مرۆڤ ئەووڵایەی مادۆرای Madura جێهێشتووە .
Foto Penalرێکخراوێکی سیاسییە خەریکی تۆمارکردنی تاوانەکانە.

-سووریا:
بۆ بەشار ئەسەد هەموو شت ڕوون و ئاشکرایە، هەرکەسێ ئەو ڕژێمە و ئەوی نەوێت، تیرۆریستە و دژی دەوڵەتە و دەبێ بێ ڕوحمانە سزا بدرێ. زیاتر لە ١٧ هەزار کەس بەس لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لەدەست داوە.

ئەشکەنجە و برسی و تینووکردن و کوشتن بریتییە لەسیاسەتی فەرمی لەناو بردنی ناحەزانی بەشار و سیستەمەکەی.
-میسر:
سیسی حوکمەکەی لە موبارەک خراپتر لێ کردووە و میسر بۆتە دەوڵەتێکی سەربازیی وپۆلیسی .ترس وتۆقاندن و زیندانی کوشتن بەرفراوانە. لە ئێستادا زیاتر لە٦٠ هەزار گیراوی سیاسی هەیە.
-ئێران:
زۆر بەشێوەیەکی زەق درشت پێشێلی مافی مرۆڤ دەکرێ و بیروڕای ئازاد و مەزهەبی ئازاد و ئازادی سێسوالێتی وگردبوونەوە بەتوندی لێدەدرێو و ڕێگە پێنادرێن. بەسەدان کەس لە سێدارە دەدرێن . بەتوندی خۆپیشاندانەکان بڵاوەیان پێ کراوە.

-سعودییە:
هەرکەسێ ناحەز ودژی بێت سزات توند دەدرێ و ڕەنگە بشکوژرێ. وەک قاشوچی. ئازادی ئافرەت زۆر بەرتەسکە و لە سێدارەدانیش پێڕەو دەکرێ.

-کۆنگۆ:
لە ساڵی ١٩٦٩-٢٠١٩ زیاتر لە ٤ ملیۆن کەس کوژراوە. ڕۆژانە ١٠٠ کەس دەمرێ. دیارەچەوسانەوەی ئێتنی لەم دەوڵەتە ئەفریکاییەدا زەق و بەرچاوە.